# وێنەی جوانیی
# لە ئاوێنەی تەڵخی بووندا

## خوێندنەوەیەک بۆ دەفتەرەشیعری
## «ئەوین ژەن»ی ئارام ساڵح



باران

عەبدولخالق یەعقوبی

ئەیلول

بۆ باسکردن لە دەفتەرەشیعری «ئەوین ژن» پێشتر پێویست بەوە دەکات، باس لە دوو ڕێبازی شیعریی بکرێت: بزوتنەوەی شیعریی ئیماژیزم (Imagism) و شیعری هایکویی (Haiku Poem) . خوێندنەوەی «ئەوین ژن» لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم دوو شێوازە شیعرییە پتر لە جیهانی شیعریی (ئارام سالْح)مان نیزیك دەکاتەوە، چونکە فۆرم و پێکهاتەی شیعرەکانی ئەم دەفتەرە شیعرە هەڵگری کۆمەڵێك خەسڵەتی هاوبەش لەگەڵ شیعری ئیماژیستی و هایکوییە.

ئیماژیزم بزوتنەوەیەکی شیعری بوو کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەریهەڵدا. دەستپێشخەر و پێشەنگی ئەم بزاوتە شاعیری ناسراو ئێزرا پاوند (Ezra Pound) بوو، کە ئاڵای ئەم شێوازە شیعرییەی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هەڵکرد. پاوند ناوی ئەم بزاڤە شیعرییەی لە وشەی ئیماژ (image)-ەوە وەرگرتووە. ئەگەرچی ئیماژ بە گشتی بە واتای «وێنەی شیعری»یە، بەڵام پاوند مەبەستێکی بەرفراوانتری لەم وشەیە خواستووە. لە ئیماژیزمدا شاعیر چرکەیەکی خێرا و ورد کە لە جیهانی دەرەکی یان ئۆبژە (عەینی)، ئەو جیهانەی کە دەبیرێت، وەردەگرێت و دەیگۆڕێت و دەیکات بە بەرهەمێکی ناوەکی یان سووژە (زەینی). دەستکەوتی ئەم پرۆسەیە ئیماژە، کەواتە ئیماژ تەنیا بریتی نییە لە وێنەی شیعری، بەڵکو بەرهەمی کۆی واتای شیعری، وێنەی شیعری، مۆسیقای شیعری، شوبهاندن، و خوازەکانە. ئێزرا پاوند پێیوایە شاعیر دەشێت کاشفی ئەو چرکەساتانە بێت کە لەوانەیە لە ژیانی ئاسایی نەتوانێت پێیانبگات و بکرێن بە دەق. بۆ پتر تێگەیشتن لە واتای وردی ئیماژ، ئاوڕ لە کورتە شیعرێکی پاوند خۆی، بە ناوی «لە وێستگەیەکی مێترۆ»، دەدەینەوە:

**In a Station of the Metro**

**;The apparition of these faces in the crowd**

**.Petals on a wet, black bough**

**تاپۆی ئەم دەموچاوانە لە نێو ئاپۆرەی جەماوەر**

**پەڕەی گوڵ بە سەر لقێکی تەڕ و پیسی درەختەوە.**

لەم شیعرەدا چرکەساتێکی زۆر خێرا و تایبەتی و ورد لەو کاتە تۆمارکراوە کە هەندێك خەڵکی پاك و خاوێن لە وێستگەی پیس وپۆخڵی مێترۆ لە کتوپڕ دەردەکەون. شاعیر روخساری ئەو خەڵکە بە پەڕەگوڵێکی جوانی سەر لقێکی تەڕی دووکەڵ لێنیشتوو دەشوبهێنێت.

لە شیعری ئیماژیستیدا ئەوەی زۆر بە لای شاعیرەوە گرنگە شەفافییەتی دەربڕینە لە ڕێگای بەکارهێنانی ئیماژی وردی بەرهەستی قابیلی بینین. ئەوەی راستی بێت، ئەگەر لە زەمینە و پاشخانی ئیماژیزم بکۆڵینەوە، دەبینین ئیماژیزم جۆرێك پەرچەکردار بووە لە هەمبەر ئەو رۆمانتیزمەی کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە هەوڵیدەدا دیاردە قەبە و گەورەکان بە بێ لێوردبوونەوەیەکی ئەوتۆ و بە هەستێکی پرکەفوکوڵ لە دووتوێی شیعردا تۆماربکات، بەڵام ئیماژیزم پێیوابوو شیعر پێویست ناکات بچێتە بواری تەجرید و بابەتە سەڵتەکانەوە، بەڵکو زۆر گرنگە ئەو شتانەی کە بەرهەستن زەقبکرێنەوە، ئەویش لە قاڵبی وشە و خوازەی گونجاودا. ئیماژیستەکان بە تایبەتی لە سەر ئابوری وشە و پوختبێژیی پێدادەگرن. لە هەمانکاتدا چەند رەخنەیەکیش ئاراستەی ئەم بزووتنەوە شیعرییە کراوە. یەك لەو ڕەخنانە ئەوەیە کە شاعیری ئیماژیست لە ڕوانگەی «من»ێکی تۆخەوە لە جیهان دەڕوانێت بە جۆرێك کە ئەو شێوە لە تێڕوانینە بە سنووری «منخوازی» (egoism)، ئەو بۆچوونەی کە پێیوایە هەمو شتێك لە نوختەنیگای بەرژەوەندیی تاکەوە شایانی سەیرکردنە، دەگات. ڕەخنەیەکی تر ئەوەیە کە شیعری ئیماژیستی ئەوەندە گرنگی بە شت (ئۆبژە) دەدات و لە وەسف و وێناکردنیاندا نوقمدەبێت کە شوێنێك بۆ زەینی مرۆڤ (سووژە) ناهێڵێتەوە. شاعیری ئیماژیستی لە ڕوخسار و ڕواڵەتی جیهان دەڕوانێت، بەڵام لە حاند ناخی مرۆڤ و ناواخنی جیهان چاو دەنووقێنێت.

دەربارەی شیعری هایکوی ژاپۆنی دەتوانین بڵێین سەرباری مێژووە دوورودرێژەکەی، ئەم جۆرە شیعرە لە سەدەی حەڤدەهەمی زاینییەوە برەوی سەند و ناوبانگی دەرکرد. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە یەکەم شیعری هایکو بە زمانی ئینگلیزی هەر بە قەڵەمی ئێزرا پاوند نووسرا. یەك لە هەرە ناسراوترین شیعرەکانی هایکو شیعری «زەلکاوی کۆن»ە کە ماتسوئۆ باشۆ (Matsuo Basho) نووسیویەتی:

An old silent pond...

A frog jumps into the pond,

Splash! Silence again.

**زەلکاوێکی کۆن و کڕ...**

**بۆقێك پاز دەداتە نێوی،**

**شڵپ! هەمیسان بێدەنگی.**

وەك لەم نمونەیە دەردەکەوێت، شیعری هایکو، کە لە سێ دێڕی ١٧ بڕگەیی (دێڕی یەکەم ٥ بڕگە، دێڕی دووهەم ٧ بڕگە، دێڕی سێهەم ٥ بڕگە) یان کەمتر پێکدێت، پێناسەیەکی عەینی لە جیهانی سروشت بە دەستەوەدەدات، بەبێئەوەی ئەم پێناسەیە بە بیرۆکە و تێڕوانینی هزرکی شاعیر بئاخنرێت. شیعری هایکو جۆرێکە لە ئەزموونکردنی سروشت، سروشتی جیهان، سروشتی مرۆڤ، سروشتی ئەڤین، و هتد. بنەماییترین تایبەتمەندیی جوانیناسانەی شیعری هایکو ئەوەیە، کە پێویستی بە پاشخان و کۆنتێکستی واتایی نییە، و سەرباری کورتبوونی لە پێکهاتەی خۆیدا خۆبژێو و سەربەخۆیە. کورت و کورمانجی، شیعری هایکو کەشفی ئانوساتێکە بۆ بەئەبەدیکردنی ئەو ئانوساتە. لە ژێر رووناکای ئەو دوو شێوازە شیعرییە، ئێستا ئاوڕێك و دەقەکانی دەفتەرەشیعری «ئەوین ژەن»ی ئارام ساڵح و پەیوەندیی دوور و نیزیکیان لەگەڵ شیعری ئیماژیستی و هایکویی دەدەینەوە و تاوتوێیاندەکەین.

لە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی «ئەوین ژەن» هزری شاعیر پتر لە وێنەگەلی شیعری و پەیوەندیی نێوانیاندا بەدیدەکرێت، و واتای شیعریی لە قاڵبێکی ئیماژیکدا خۆی دەردەبڕێت و ئامادەبوونی زەق و زۆپی نییە. ئیماژ شادەماری جەستەی شیعرەکانی «ئەوین ژەن»ی ئارام ساڵحە، هەر بۆیە ئەم دەفتەرەشیعرییە پتر لەوەی بە زمانی هزر و واتا بدوێت، بە زمانی وێنە و ئیماژ دێتەگۆ. جگە لەمە، شیعرەکان چڕوپڕ و پوختن، و شاعیر خۆی لە هەمبەر ئابوری زمان بە دەروەست دەزانێت؛ زمان پتر وەك فەنەرێك (سپرینگ) دەجووڵێتەوە، کە تا رایکێشیت پتر قابیلی درێژکردنەوەیە. ئەو درێژکردنەوەیە فەزایەك بۆ خوێنەرەوە دروستدەکات کە تێیدا بتوانێت مەشقی راڤەکردن و واتا دۆزینەوە بکات.

خاڵی ناوەندی یەکگرتنەوەی نێوان ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانی «ئەوین ژەن» هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی جوانی، نەك هەر تەنیا لە شتە جوانەکانی سروشتدا، ئەو شتەی زۆربەی جاران شیعری هایکویی دەیکات، بەڵکو هەروەتر لە شتە تەڵخ و تاریکەکانیشدا. ئارام ساڵح لە جیهانی ئەم دەفتەرەشیعرەیدا هەوڵدەدات لەو شوێنانەی کە مرۆڤ بە چاوی عادەتی لێیاندەڕوانێت، یان ئەو شوێنانەی کە هەست بە ناهومێدی و چارەڕەشی دەکات، بە دوای سەرەداوی هیوا و جوانیدا بگەڕێت. ئەم وتەیە بە واتای ئەوە نییە کە شاعیری «ئەوین ژەن» خەریکە زێڕ لە زێڕابدا دەدۆزێتەوە، بەڵکو شتێکە لە چەشنی دۆزینەوەی ئازادی لە زیندانێدا (بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر دەبێ / قوڕ بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە -قانع-). بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە وا باشە چەند سەرنجێکی واتاناسانەی خێرا و هەندێك نموونەی شیعریی «ئەوین ژەن» بخەینە بەر چاوی خوێنەرەوە.

یەکەم سەرنج ئەوەیە کە لەم دەفتەرەدا، شیعری ئارام ساڵح شیعرێکی نیگەران و خەمبارە، بەڵام ڕەشبین و خەمۆك نییە؛ جیهان پڕ لە مەترسی دەبینێت، بەڵام هیوابڕاو نییە؛ دڵەڕاوکیی زۆرە، بەڵام پەشۆکاو نییە، نەدۆڕاوە، بەڵام گەمەچییەکی باشی ژیانیش نییە:

**فریادڕەس**

**لەم بەستەڵەکی ژینەدا**

**کوا فریادڕەس؟**

**مەگەر لێوەلەرزەی ڕۆحمان**

**بدەینە بەر هەتاوی ماچ!**

**(ئەوین ژەن، ل ١٤)**

لەم شیعرەدا دژبەرایەتیی نێوان «بەستەڵەکی ژین» و «هەتاوی ماچ» دوو جەمسەری دروستکردووە: لە لایەکەوە بوونێکی تژی لە ساردی، ناهومێدی، و بێ فریادڕەسی، و لە لایەکی ترەوە ژیانەوەی ڕۆح لە سەر دەستی تین و تاوی خۆشەویستی. لە هەمانکاتدا پرسیاری «کوا فریادڕەس؟»، کە پێدەچێت جۆرێك لە تەوستێگرتنی بە نیسبەت بوونی ڕاستەقینەی فریادڕەسێکی ئەوتۆ تێدابێت،

سەرنجی خوێنەرەوە بۆ لای زاتی مرۆڤ خۆی ڕادەکێشێت، بەو واتایەی کە ئەوەی بە هانای مرۆڤی نێو بەستەڵەکی ژینەوە دێت، هەتاوی ماچی خۆشەویستی ڕاستەقینەیە، نەك بانگی ڕزگاریبەخشی فریادڕەسێکی وەهمی. لە هەمانکاتدا «لێوەلەرزەی ڕۆح» ئاماژەیە بۆ ساردیی نەك هەر جەستە، بەڵکو ڕۆحی مرۆڤی گیرخواردوو لە نێو جیهانی بەستەڵەك لێدراو، بۆیە ئەوەی دواجار بە فریای ئەو مرۆڤە دەکەوێت هەتاوی ماچە، نەك فریادڕەس. هەر چەند شوبهاندنی هەتاو بە ماچ شوبهاندنێکی دوورەزەینە، بەڵام ئەگەر لە زەمینەی واتاییی شیعرەکە بڕوانین تێگەیشتن لە هۆی شوبهاندنەکە پتر ئاشکرا دەبێت: وەك چۆن هەتاو بەستەڵەکی ژین دەتوێنێتەوە، ماچیش لێوەلەرزەی ڕۆح دادەمرکێنێت. هەڵبەت لایەنی فرە جوانیناسانەی ئەم کورتە شیعرە لەو نیزیکایەتییە دایە، کە لە نێوان تەعبیری «لێوەلەرزە»، بۆ ئاماژەدان بە دڵەڕاوکێی مرۆڤ، لەگەڵ تەعبیری «ماچ»، کە ئەویش هەر بریتییە لە جووڵەی دوو لێو لە نێوان دوو دڵداردا، بەدیدەکرێت. بە کورتی لەم شیعرەدا هەست بە جۆرە تەنگەتاوییەکی مرۆڤ لە جیهانی پڕبەستەڵەکدا دەکەین، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوەی دواجار بە فریای ئەم مرۆڤە دەکەوێت، خۆهەڵخستنە لە بەر خۆری خۆشەویستی. هەمان تەنگەتاویی مرۆڤ لە بەر دەم ژیان لەم نموونەیەشدا دەبینرێت:

**تا چاو بڕ کات**

**گەرمەسێری سەرابی ژین**

**چ بکەم لە وەها ڕووتەنێك**

**مەگەر بچمە**

**ژێر سێبەری پچکەخەونێك**

**(ئەوین ژەن، ل ١٨)**

ئەم شیعرە لە سێ بڕگە پێکهاتووە: لە بڕگەی یەکەمدا، ژیان وەك سەرابێك وێنادەکرێت؛ لە بڕگەی دووهەمدا، دەنگی شیعری باس لە سەرگەردانیی خۆی لەم فەزا سەرابییەدا دەکات؛ لە دوابڕگەدا پەنابردنە بەر خەون دەکرێتە ڕێی دەربازبوون لەو سەرابە. پێدەچێت پەیوەندیی نێوان بڕگەی یەکەم و سێهەم پەیوەندییەکە لە



جۆری contrast (دژبەریتی)، بەڵام بە لێوردبوونەوەی زیاتر دەردەکەوێت دەنگی شیعریی (speaking voice)، کە نازانێت لە رووتەنی سەرابی ژیاندا چی بکات، لە سەراب ڕادەکات و پەنا بۆ خەون دەبات. شاعیر لەم شیعرەدا هەمیسان باس لە ڕزگاریی ناکات، کە لەوانەیە هەر باوەڕی پێی نەبێت، بەڵکو دەخوازێت دڵەڕاوکێی خۆی لەوەدا نیشانبدات، کە مرۆڤ ناچارە تەنیا پەنا بباتە بەر سەیوانی خەونێك، ڕزگارییەکی ناچاری و کاتەکی. جیاوازیی نێوان ئەم کورتە شیعرەی ئارام ساڵح لەگەڵ شیعرێکی ئیماژیستی، یان هایکویی لەوەدایە، کە شاعیر زەینییەتی خۆی، هەرچەند نەك ڕاشکاوانە، تێکەڵ بە پێکهاتەی شیعرەکە کردووە، واتە تەنیا بە وێناکردنی، بۆ نموونە ژین وەك «گەرمەسێر» قەناعەتی نەکردووە، بەڵکو هەروەتر وەکو «سەراب» و «ڕووتەن»یش پێناسەی دەکات. شاعیر لێرەدا بێ هەڵوێست نییە و ئیماژەکانی هەر لەپێناوی «نیشاندان»(to show)ی شتەکان نییە، بەڵکو دەخوازێت، شانبەشانی نیشاندانی شتەکان، شتێکیشی بۆ گوتن (to tell) پێبێت. بەڵام لەم دەفتەرەشیعرەدا هەندێك جار هەڵدەکەوێت شاعیر ئەوەندە نوقمی نیشاندانی جیهانی تاکەکەسیی خۆیەتی، کە لە گوتنی هەندێك شتی تری پێویست بۆ بەردەنگی شیعرەکەی خافڵ دەبێت. بۆ وێنە، لەم شیعرەی خوارەوەدا:

**لە مانگەشەوی خەوناندا**
**سیاچارەییم**
**جارجار سپی دەچێتەوە!**
**(ئەوین ژەن، ل ٢١)**

سەرباری جوانیی تەعبیری «مانگەشەوی خەونان» و لە جێی خۆیدابوونی دژبەرایەتیی نێوان «سیاچارەیی» و «سپی چوونەوە»، کە سەرجەم ڕێژەی جوانیناسانەی شیعرەکەیان بەرزکردووەتەوە، دەبینین خوێنەرەوە دواجار نازانێت، یان چ مەودایەکی مەعریفیی بۆ چێ ناکرێت تا بزانێت، دەنگی شیعریی بۆچی سیاچارەیە. کە چی ئەگەر لەم شیعرە هایکوییە ورد بینەوە، دەبینین مەودای مەعریفیی شیعرەکە ئەگەرچی کورتە، بەستە بۆئەوەی خوێنەرەوە بە هۆکاری «چاو تژی فرمێسك بوون»ی دەنگە شیعرییەکە بزانێت:

**خەوم بینی دیسان پێکەوەین،**
**بزەم بزووت و لە خەو هەستام.**
**شێتانە لە دەوروبەرم ڕوانی؛**
**چاوم تژی فرمێسك بوون.**
**(وەرگێرانی: عەبدولخالق یەعقووبی)**

لێرەدا دەنگی شیعری کە باسی چاوبەفرمێسکبوونی خۆی دەکات، خوێنەر ناچار دەکات بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکەی هەمدیسان بگەڕێتەوە بۆ نێو شیعرەکە. ژاك دریدا وتەنی، (il n›ya pas de) hors texte «لە دەرەوەی دەق هیچ شتێك لە ئارادا نییە». ئەم گوتەیە بە واتای ئەوە نییە کە چ پەیوەندییەك لە نێوان واقیع و دەقی ئەدەبیدا لە گۆڕێدا نییە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە دەقی ئەدەبی، و بە تایبەتی دەقی شیعری، جیهانێکی خۆبەڕێوەبەر و خۆبژێوی هەیە، و ژێدەری ڕاستەقینەی شیکاری و ڕاڤەکردنی دەق هەر دەق خۆیەتی. بۆنموونە بۆ پشتڕاستکردنەوەی شرۆڤەی خوێنەرەوە، چ پێویست ناکات بگەڕێینەوە سەر نییەتی (intention) نوسەر یان شاعیر، چونکە ئەوەی دواجار دەق دەیدرکێنێت لە سۆنگەی نیشانە وکۆدەکانییەوە ئاشکرای دەکات، نەك شەرح یان خواستی داهێنەرەکەی.

دووهەم سەرنج لە سەر دەفتەرەشیعری «ئەوین ژەن» ئەوەیە، کە ئارام ساڵح لەم جیهانە شیعرییەدا، عەبداڵی دۆزینەوەی ساتە شەنگەکانە لە شوێنە بزرەکاندا. لە جیهانی مۆدێرنی هەنووکەمان و لە سۆنگەی هەژموونی بانگەشەکانی سەرمایەداریی جیهانی، مرۆڤی ئاسایی لە ژیانی عادەتیی خۆیدا، هەمووکات لە شوێنە ئاوەدان و ڕازاوەکان بە دوای بەختەوەری و ساتە خۆشەکاندا دەگەڕێت، لە نێو مۆڵە مۆدێرن و هۆڵە گرانباییەکاندا، لە نێو لەشفرۆشخانە پێشکەوتوو و هۆتێلە پێنج ئەستێرەکان و... هتد. لە ژیانێکی ئەوتۆدا، بەختەوەریی و سەرمایە هاوتادەکرێن، و خۆشژیان پابەندی ئەو دارایی و موڵکانەیە کە مرۆڤ تەنیا بۆ خودی خۆی و بە هەر بیانوو و باجێك دابین و دەستەبەریان دەکات. چارەڕەشیی مرۆڤ لە دۆخێکی وادا بریتییە لەو بڕە ماك و شتانەی کە نییەتی، و بەختەوەریشی هاوسەنگی ئەو سەرمایە مادیانەیە کە خاوەنێتی. جیهانی «ئەوین ژەن»، بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتە باوەی جیهانی بازاڕلێدراوی هەنووکە، کۆمەڵێك چرکەسات

دەدۆزێتەوە، کە تێیاندا مرۆڤ نەك بە هۆی سەرمایەکانی، بەڵکو لە سۆنگەی خۆشەویستییەکانییەوە پێناسە دەکرێت. بۆ وێنە لەم شیعرەی خوارەوەدا:

**لە خەندەکەی مۆنالیزا**

**کوانێ جوانی؟!!**

**خەندەی شەراب**

**بە سەر لێوی خەیامەوە خەندەیەکی جاویدانی**

**(ئەوین ژەن، ل ٢٨)**

شاعیر ئەو «خەندە»یە بە خەندەیەکی جوان و جاویدان لە قەڵەمدەدات، کە نەك لە چوارچێوەی تابلۆیەکی گرانبایدا، لە چەشنی تابلۆی «خەندی مۆنالیزا»، قەتیس ماوەتەوە (ڕاستە تابلۆی مۆنالیزا بەرهەمی کولتوورێکی هونەری-ئینسانییە، بەڵام هەنووکە وەك کاڵا/هێمای هونەری سەرمایەداریی چاوی لێدەکرێت)، بەڵکو وەك شیعرەکانی خەیام هەڵگری پەیامێکی مرۆییە بۆ هەموو سەردەمەکان. هەمان حاڵەت لەم شیعرەی خوارەوەشدا دەبینرێت، کە تێیدا سەرباری ئەوەی ئاوێنەی وجوودی دەنگی شیعری، یان دەنگی خودی شاعیر، جۆرە تەمێکی بەسەرەوەیە، بەڵام دواجار ئەوە «جوانی»یە کە ڕۆحی ئەو دەشڵەژێنێت:

**جوانی ڕۆحمی شێواندووە**

**ئەم ئاوێنە تەڵخەی بوونم بۆ نەشکێنم؟!!**

**(ئەوەین ژەن، ل ٢٩)**

ئەو شتەی کە شاعیر لێرە ناڕاستەخۆ و شاعیرانە دەیدرکێنێت، ئەو پارادۆکسەیە (paradox) کە لە نێوان «جوانی» و «بوون»دا وێنایدەکات، وەك بڵێی ئەو شتەی کە جوانە دەشێت بمرێت، یان جوانی لە مەرگیدا جوانە، ئەبەدییەتی جوانی لە مەرگی جوانی دایە. ئەم تێڕوانینە لەو سۆنگەیەوە خوێنەر دەخاتە تێڕامانەوە، کە بوونی مرۆڤ لەم جیهانەدا، یان لانیکەم بوونی مرۆڤی نێو ئەم شیعرە کورتە، هەمووکات ڕووبەڕووی جۆرێك لە تەڵخیی وجوودیی دەبێتەوە. پێدەچێت شاعیر لەم شیعرەدا پتر بە دوای دۆزینەوەی چرکەساتەکانی خێرا و ناهەرمانی بوونە لە نێو ئاوێنەی تەڵخی بووندا، دۆزینەوەی ساتە شەنگەکان لە نێو شوێنە بزرەکاندا.

سێهەم سەرنج لە سەر ئەم دەفتەرە شیعرەی ئارام ساڵح لەوەدا پوخت دەبێتەوە، کە شیعری «ئەوین ژەن» شیعری دۆزینەوەی دیمەن و نهێنییە تابووەکانە (taboo) لە دووتوێی ڕەگەزەکانی سروشتدا. بەشێکی زۆری ئیماژ و ئاماژەکانی «ئەوین ژەن» بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوە، واتە شاعیر هەوڵدەدات ئەو دیمەنانەی کە لە ژیانی ئاساییدا، و زۆرجار بە پێی باوەڕی باو و خوێندنەوەی ئاسایی، وەکو بڤە و تابوو دێنە ئەژمار بە دوایاندا بگەڕێت و لە وێنەشیعرییەکانیدا زەقیان (foregrounding) بکاتەوە. خاڵێك کە لێرەدا جێی سەرنجە ئەو جیاوازییەیە کە لە نێوان شێوازی زەقکردنەوە لە کورتە شیعرەکانی ئارام ساڵح و شیعری هایکوییدا دەبینرێت. لە شیعری هایکویی زەقکردنەوەی پاژە تابووەکانی جیهانی سروشت لە جۆرە ئیرۆتیزمێکی تەمومژاوی و شاراوە (implicit eroticism)دا خوویا دەبێت، بەڵام لە «ئەوین ژەن»دا هەوڵدراوە زەقکردنەوەکە ئیرۆتیزمێکی ئاشکرا و ڕاشکاوانە (explicit eroticism) بە خۆیەوە بگرێت. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەم جیاوازییە، با بڕوانینە ئەم دوو نموونەیەی «ئەوین ژەن»:

**لە درزی گشت بەفربارینێکەوەڕا**

**دەڕوانێتە**

**لەش و لاری سپی زستان**

**چ تامەزرۆیە دارستان**

**(ئەوین ژەن، ل ٤٨)**

**لە دەفتەری یادەوەری گەڵاکاندا**

**پاییز نووسی:**

**سەماکردنی بە ڕووتی**

**هەر لە باڵای بەرزی باخ دێ**

**(ئەوین ژەن، ل ٣٧)**

مەیلی دارستان بۆ ڕوانین لە لەش و لاری زستان و سەماکردنی بە ڕووتیی باخ، کە جۆرێکە لە داگەڕان بەرەو ئیرۆتیزمی ئاشکرا، خۆی دەتوانێت ئاماژەیەك بێت بۆ ڕووتکردنەوەی دەق لە بەرگی تەئویلمەندی؛ تەئویلمەندییەك کە دەق پڕچێژ و قابیلی خوێندنەوەی ورد (close reading) دەکات، بەڵام ئەگەر لەم شیعرە هایکوییە خوارەوە ورد بینەوە، دەبینین شاعیرەکەی، بە بێ ئاماژەکردنی

**گا دەگریەم، گا دەسووتێم**

**ئاو و ئاگر**

**یان عیشقی تۆ بێ ئامانە!**

**(ئەوین ژەن، ل ٨٥)**

لەم شیعرەدا عیشق بێ ئامانە، بەڵام پێناچێت بێ ئامانبوونی عیشق شتێك بێت، شاعیر لێی هەراسان یان بێزار بێت. شاعیر دۆخی وجوودیی خۆیمان بۆ ڕووندەكاتەوە، كە بریتییە لە گریان و سووتان لە پێناوی عیشقدا، و بێ ئامانبوونی ئاو و ئاگر، كە نیشانەی عاشقبوونن، یان بێ ئامانبوونی عیشق، كە ئەنجامی گریان و سووتانە، دەخاتە بەر چاوی خوێنەرەوەكەی. لە نێوان ئەم شیعرەی ئارام ساڵح و دێڕەشیعرێكی مەحوی، شاعیری كلاسیكی كورد، پەیوەندییەكی نێوان دەقیی (intersexuality) بەهێز لە ئارا دایە:

**وتم ئاوێکی ڕەحمەت، گەییە ڕۆحم ئاگری فیرقەت**

**وتی لەم دۆزەخە کەی دەربێ هەر کەسێ تێ کەوت**

جیاوازیی نێوان ئەم دوو شیعرە لە جۆری تێڕوانینی دوو شاعیرەكە دایە بۆ پرسی عیشق. لە شیعری ئارام ساڵح، ئاو و ئاگر هێمان بۆ عیشقێكی ئینسانیی تا سەر ئێسك ڕاستەقینە و گەورە، بەڵام لە شیعری مەحوی، ئاو و ئاگر، جگە لە هێمای عیشقێكی ئەوتۆ، ئاماژە بە دوو تایبەتمەندیی پەیوەندیی ڕۆحیی نێوان مرۆڤ و «خودا»ش دەكەن، واتە «ڕەحمەت» و «فیرقەت»، كە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم عیشقە ئینسانییە لە باڵاپۆشێكی مەعنەوی - دینیدا بپێچرێتەوە. دیارە باسكردن لە «دۆزەخ» و مانەوەی ئەبەدیی هەر كەسێكی تێكەوت، هێندەی تر ئەو ئاماژەیە تۆختردەكات. هەڵبەت لە شیعری هایكو، یان هەندێك جار ئیماژیستی، شاعیر هەوڵدەدات هەستی دەروونی، یان باوەڕی دینیی خۆی ئاوێتەی جیهانی شیعرەكەی نەكات، بەڵكو بۆ نیزیككردنەوەی خوێنەرەوە لە هەست و باوەڕی خۆی هانا بۆ ڕەگەزەكانی جیهانی سروشت ببات. بۆ وێنە شاعیرێكی هایكویی بۆ ئاماژەكردن بە هەستی تەنیایی خۆی ئاسمانێكی ساماڵی زستانمان بۆ وێنادەكات.

ئارام ساڵح، لە هەندێك شیعری «ئەوین ژەن»دا، كە باس لە نسكۆی عیشق، بیرۆكەیەكی ئاشنای جیهانی شیعر، دەهێنێتە ئاراوە، هەوڵدەدات ئەم بیرۆكە ڕاستەوخۆ، باس لە جووتبوونی مانگ و ئاو دەكات، كە خۆی ئیماژێكی جوانی شیعرییە:



ئارام ساڵح

On a beach on night

Moon shines across the water

.Until the sun comes

**بە شەو لە کەناری دەریا،**

**مانگ ئاو تیشك پرژێن دەکا**

**تا خۆر هەڵدێ.**

چوارەمین سەرنج و دوایین خاڵی شایانی باسكردن ئەوەیە، كە شیعری «ئەوین ژەن» شیعری نسكۆ و دابڕانی عیشقە، نەك مەرگ و دوابڕانی عیشق. لەم دەفتەرەشیعرەدا، شاعیر گەلێك جار باسی ئەستەمبوونی عیشق و ناهومێدبوونی لە خۆشەویستیی دەكات، بەڵام هیچ كات باسی مەرگ، یان دەست شوشتنەوەی لە عیشق و ئەڤینداری ناهێنێتە ئاراوە:

ناسراوە لە فەزایەکی نوێی شیعریدا بخاتە بەرچاوی خوێنەرەوەکەی. بۆ وێنە «هەڵدێرانی ڕۆح لە خەرەندی نسکۆی عیشق» دیمەنێکی فرەپاتەوەبووی شیعرە، بەڵام لەم شیعرەی خوارەوەدا هەوڵدراوە ئەم دیمەنە دێرین و خاوەن پێشینەیە بخرێتە نێو فەزایەکی نوێ، کە بریتییە لە «خۆگرتنەوە بە پچکە زەمەنێك»، بۆئەوەی بە یارمەتیی تەکنیکی ئاشنایی سڕینەوە (defamiliarization) ڕادەی چێژبەخشی و تەئویلمەندیی دەقەکە فرەتربکرێت:

**ڕۆح هەڵدێرانتان نەدیوە**

**گەرنا**

**لە خەرەندی نسکۆی عیشق**

**کوانێ پچکەزەمەنێك بۆ خۆگرتنەوە**

**(ئەوین ژەن، ل ٨٧)**

هەڵبەت تەکنیکی ئاشنایی سڕینەوە لە «ئەوەین ژەن»دا تەنیا لە سڕینەوەی تۆزی دیمەنی ئیماژە ئاشناکان کورتنابێتەوە، بەڵکو هەندێك جار وشەڕۆنان و دەستەواژەداڕێژیش دەگرێتەوە. بۆ نموونە:

**کە «بەهار»م لێ ئاوا بوو**

**ڕۆحم پاییزیم لێ داهات**

**سەیری باخی چاوانم کەن**

**چ فرمێسك ڕێزانێکە**

**(ئەوین ژەن، ل ٩١)**

لەم شیعرەدا، کە هەمیسان باس لە ئاوابوون، نەك مەرگی، خۆشەویستیی دەکات، تەعبیری «گەڵاڕێزان»، کە تەعبیرێکی ئاشنا و ئاساییە، جێی خۆی بۆ دەستەواژەی «فرمێسك ڕێزان» چۆڵدەکات، کە داڕشتنێکی شاعیرانە و نوێیە. خاڵی گرنگ ئەوەیە لەم شیعرەدا هێنانەوەی ئەم دەستەواژەیە، تەنیا وەك موفرەدەیەکی نوێی زمانی کاریگەری نەدەبوو، ئەگەر زەمینەی فەزایەکی دەقیی گونجاوی بۆ خۆش نەدەکرا؛ واتە ئەگەر لەم شیعرەدا باس لە «ئاوابوونی «بەهار»»، «ڕۆحی پاییز»، و «باخی چاو» نەکرابا و پەیوەندییەکی ئۆرگانیك لە نێوان ئەم ئیماژ و ئاماژانە لەگەڵ یەکتر و دواجار لەگەڵ «فرمێسك ڕێزان» لە ئارادا نەبوایە، نوێبوونی دەستەواژەی «فرمێسك ڕێزان» تاو و تەئسیرێکی جوانیناسانەی ئەوتۆی بۆ واتا و فۆرمی ئەم شیعرە نەدەبوو.

جیا لەو چوار سەرنجەی ئاماژەیان پێکرا، دەکرێت باسی یەك خاڵی جیاوازی و یەك خاڵی هاوبەشی تری «ئەوەین ژەن» لەگەڵ ئەزموونی شیعری ئیماژیستی و هایکویی بکرێت. جیاوازییەکی تری ئەم دەفتەرەشیعرە لەگەڵ شیعری هایکویی و ئیماژیستی لەوە دایە، کە زۆربەی شیعرەکانی «ئەوین ژەن» خاوەنی کۆتاییەکی چاوەڕوانکراون (non-surprising end)، و بە پێ و گونجاو لەگەڵ ڕەوتی شیعرەکە بە خاڵی کۆتایی دەگەن، بەڵام زۆربەی شیعرە ئیماژیستی و هایکوییەکان خاوەنی کۆتاییەکی چاوەڕواننەکراون(surprising end) . بۆ وێنە لەم شیعرەی لارس هێینتز (Lars Heintze) کۆتاییی شیعرەکە بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوتی شیعرەکە کۆتاییەکی چاوەڕوانکراو نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، جۆرێك لە هەڵپەساردنی واتایی لە دەقەکەدا بێتە ئاراوە، کە چێژی دەق پتردەکات:

The path I follow

,Is leading me to the same way

.To still new wonders

**ئەو ڕێگایەی دەیگرمە بەر**

**هەر بە هەمان شوێنی پێشووم دەگەیەنێت،**

**بە سەرگەردانییەکانی هێشتاکەش نوێ.**

بەڵام زۆربەی شیعرەکانی ئارام ساڵح لە دەفتەرەشیعری «ئەوین ژەن» خاوەنی کۆتاییەکی چاوەڕوانکراو و گونجاو لەگەڵ ڕەوتی شیعرەکانن:

**بەربەڕۆچك**

**دڵم**

**لە ژین تەزیوترە**

**دیمە بەر بەرۆچکی عیشقت**

**(ئەوین ژەن، ل ٩٦)**

لەم شیعرەدا، «چوون بۆ بەر بەرۆچکی عیشق»، کە خاڵی کۆتاییی شیعرەکەیە،

بە تەواوەتی لەگەڵ «لە ژین تەزیوتربوونی دڵ» دەگونجێت و قابیلی چاوەڕوانییە.

لە لایەکی ترەوە، خاڵی هاوبەشی بەهێزی «ئەوەین ژەن» لە گەڵ شیعری هایکویی و ئیماژیستی لە پرسی «ئابوری وشە» (economy of words) دایە. ئابوری وشە واتە هێنانی کەمترین وشە بە زیاترین کاریگەرێتی لە باری واتابەخشین و جوانیی. دوو سەد ساڵ لە مەوبەر ساموئیل تایلۆرکۆلریج (Samuel Taylor Coleridge)، شاعیری بەناوبانگی بریتانی، وتویەتی: «پەخشانی باش بریتییە لە کۆمەڵێك وشە لە باشترین نەزمی خۆیاندا؛ شیعری باش بریتییە لە باشترینی وشەکان لە باشترین نەزمی خۆیاندا». ئارام ساڵح لە کۆمەڵە شیعری «ئەوین ژەن»دا ئەم ڕیسایەی ڕەچاوکردووە،هەر بۆیە زۆربەی شیعرەکانی، نالی وتەنی، «مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفزی کەم و بچووك»ن. ئەم تایبەتمەندییە خەسڵەتی بەرچاوی شیعری ئیماژیستی و هایکوییشن، کە تیژتێپەڕ، بەڵام ورد لە سەر سروشت و مرۆڤ و دیاردەکان لەنگەر دەگرن و وێنایاندەکەن. بۆ وێنە ئابوری وشە لەم دوو نموونەیەی شیعری هایکودا جوانیی و واتاداریی شیعرەکانیان مسۆگەر کردووە:

(١)

**بارینی بێ برانەوەی بەفر،**
**کەس ناجوولێ،**
**بە درێژایی ئەم ڕێگا چاو بە فرمێسکە؛**
**شوێنپێیەکیش جێ نامێنێ لە پەژارە.**

(٢)

**هەمووان دەڵێن**
**قژم لە ڕادەبەدەر درێژ بۆتەوە،**
**بەری دەدەمەوە،**
**بەو چەشنەی کە تۆ بینیوتە،**
**پەرێشان لە دەستی تۆ.**

**دیارە نموونە لە «ئەوین ژەن» بۆ ئەم باسە فراوانە؛ بەڵام هەر تەنیا دوو شیعری ئارام ساڵح بە بێ شرۆڤە، دەکەین بە گوڵاوپژانی کۆتاییی ئەم وتارە:**

**لە ڕووبەری**
**نەخشەی دڵما**
**لە سنووری**
**بێ سنووری هەناسەما**
**تۆ قووچەکی**
**حەسرەتێکی تا هەتایی**
**(ئەوەین ژەن، ل ٨٤)**

**چاوەڕوانیم چاوی کز بوو**
**ئومێدم ئاوی پێی داهات**
**شەتڵی ئارامیم وا زڕ بوو**
**کەچی دڵت کژی نەهات**
**(ئەوەین ژەن، ل ٩٩)**

**سەرچاوەکان:**


1.شاملو، احمد و پاشایی، ع (١٣٨٤). «هایکو» شعر ژاپنی. تهران: انتشارات چشمه.

2.پاینده، حسین (١٣٩٠). گفتمان نقد: مقالاتی در نقد ادبی. تهران: انتشارات نیلوفر.

3.Barbarese, J.T. «Ezra Pound›s Imagist Aesthetics: Lustra to Mauberley» The Columbia history of American poetry Columbia University Press (1993).

4.Pound, Ezra (1991) . A B C of Reading. London: Boston.

5.Henderson, H G (1948). An Introduction to Haiku. Hokuseido Press.

6.ساڵح، ئارام (٢٠١٣). ئەوین ژەن، کۆمەڵە شیعر. سلێمانی: چاپخانەی زانا.